

# بۆ (27) ی ئاداری هەموو ساڵێک بۆتە جەژنی شانۆکاران؟

**ن/ کامەران حاجی ئەلیاس**

**لە سەرتاپای جیهان زۆربەی چین و توێژەکان ڕۆژێکی تایبەتیان بەخۆیان هەیە ساڵانە یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوە وەکو ڕۆژی کرێکاران، مامۆستایان، منداڵان، موزیسیانان، ئافرەتان.... دیارە شانۆکارانیش لە ڕۆژێکی ئاوادا بێبەش نین، لە 27 ی ئاداری هەموو ساڵێ شانۆکاران لە سەرانسەری جیهاندا بۆتە جەژنی شانۆکاران بابزانین بۆچی ئەم ڕۆژە بۆتە جەژنی شانۆکاران کە لەم ڕۆژەدا چەندین چالاکی شانۆیی ئەنجام دەدرێت.**



مێژووی ئەم یادە بۆساڵی 1946 دەگەڕێتەوە کاتێ سێ شانۆکاری جیهانی(ئەرشیبالک ماک لیش، جۆن برستلیستیلی، فرانسۆ مۆریاک) وەکو دەستەی یەکەم ئامادەکاری بۆ سەنتەری جیهانی بۆ شانۆ لەلایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆ دەست نیشان کران، لە ساڵی 1947 پسپۆڕانی شانۆ و هونەرمەندانی شانۆ کە پێک هاتبوون لە (جان لویێ بارۆ، ئارمان سالاکرۆ، فرانسوا مۆریاک) کۆبوونەوە بەمەبەستی گفتۆگۆ کردن لەسەر دەستەی سەنتەری جیهانی شانۆ، وە لە( 28 ی حوزەیرانی 1948) لە وڵاتی چیکۆسلە کۆنگرەیەکی شانۆیی کە لە شاری پراغ بەسترا دەستەی جیهانی بۆ شانۆ بە سەرۆکایەتی(جۆن برستیلی) ڕاگەیندراو ئاماژە بەچەند خاڵێک کرا وەکو: هونەری شانۆ چالاکییەکی جیهانییە مرۆڤ لە ڕێگەی شانۆ گوزارشت لە خودی خۆی دەکات لە هەر شوێنێک بێت، شانۆ کاریگەریەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی گەلان کۆبکاتەوە لە پێناو ئاشتی لەهەمان کاتدا ئامانجەکانی سەنتەری جیهانی شانۆ بڵاوکرایەوە کەبریتی بوون لە: فراوانکردنی پەیوەندییەکانی شانۆییەکان لە نێوان شانۆکارندا، ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان لە نێوان ئەندامەکانی ئەم سەنتەرە شانۆییەدا، پتەوکردنی پەیوەندی لە نێوان گەلاندا دەرکردنی گۆڤارێک بەناوی (شانۆی جیهانی) پاشان لە ساڵی 1961 لەکۆبوونەوەیەکی شانۆکاران کەلە (ڤینا) بەسترا بڕیاردرا ڕۆژی 27 ی ئاداری هەموو ساڵێک ببێتە ڕۆژی جیهانیی شانۆ. دەست نیشانی کردنی 27 ی ئادار چونکە لەم ڕۆژەدا لە پاریس فیستیڤاڵێکی شانۆیی بەناوی «سارە برنارت» (1844 – 1923) ئەنجامدرا وەکو ڕێزلێنانێکیش بۆ کچە ئەکتەری فەرەنسی کۆچکرکردووە سارەبرنارت ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی جیهانی شانۆ ناوزەند کرا. کە هەریەک لە شانۆکاران (لۆرانس ئۆلیڤێ، رینە ماهی، هیلینە فایکل، پیتر بروک، جان کۆکتۆ ) لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بوون ، هەر لەساڵی 1962 کاتێ سەنتەری جیهانی شانۆ (iti ) بە مەبەستی ڕێکخستنی کاری شانۆکاران بەشێوەیەکی فەرمی دەست بەکار بوو زۆربەی وڵاتان لەم سەنتەرەدا ئەندامن عێراق یەکێکە لەو وڵاتانە. ئەگەرچی شانۆکارانی کورد هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ئەوەی شانۆکارانی کوردیش وەکو ئەندام وەربگیرێن بەڵام یەکێک لەمەرجی ئەندام بوون ئەوەیە کەتۆ دەبێت خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت.

شایانی باسە ساڵانە پەیامی شانۆ لەلایەن شانۆکارێک بڵاودەکرێتەوە یەکەمین پەیامی شانۆش هەر لەو ساڵە(1962) لەلایەن هونەرمەندی فەرەنسی( جان کۆکتۆ) بڵاوکرایەوە لەو کاتەوە هەموو ساڵێ شانۆکارێک لەلایەن سەنتەری شانۆ دەستنیشان دەکرێت کەبۆ 27 ی ئادار پەیامی شانۆ بنوسێت دوایی هەر لەلایەن سەنتەری شانۆ پەیامەکە وەردەگێڕدرێت بۆ سەر چەندین زمان ئەنجا بڵاودەکرێتەوە، پەیامی شانۆی ساڵی 1995 بۆ یەکەمین جار لەلایەن شانۆکارێکی عەرب بەناوی (سەعدوڵا وونوس) بڵاوکرایەوە بۆ ئەم ساڵیش جێگەی باسە، لە کوردستانیش لەلایەن شانۆکاران بە چەندین چالاکی شانۆیی ئەم یادە دەکرێتەوە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک کەرکوک و هەڵەبجە ئەگەر چی ئەم ساڵ کوردستان ڕووبەڕووی شەڕێکی نەگریسی تیرۆرستانی داعش بۆتەوەو لە هەمان کاتدا قەیرانێکی ئابوری بەرۆکی کوردستانیانی گرتووە. بۆیە وادەخوازێت سەرجەم چالاکییەکان پەیوەست بن بە قارەمانیەتی و ڕۆڵی پێشمەرگە لە بەرگری لە خاکی کوردستان. لە سەرانسەری جیهان چەندین نمایشی شانۆیی پێشکەش دەکرێن و چەند شانۆکارێکیش خەڵات دەکرێن، هیواداریین لە ساڵانی داهاتوودا ئێمەی شانۆکارانی کوردستان، ئەم یادە بکەینەوە لەلایەن شانۆکارێکی کوردەوە پەیامی شانۆ بنووسرێت و بڵاو بکرێتەوە.

شایانی باسە پەیامی ئەم ساڵ ٢٠١٥ لەلایەن شانۆکاری پۆڵەندی دەرهێنەر (Krzysztof Warlikowski) نووسراوە کە لە بەشێک لە پەیامەکەی هاتووە: لەراستیدا هیچ شتێک بەهێندەی شانۆ توانای نییە هەستە شاراوەکان ئاشکرا بکات. زۆر جار پەنا دەبەم بۆ پەخشان بەو تەمایەی ڕێنوێنیم بکات بەرەو گەیشتن بە حەقیقەت هەروەها دەڵێت: . ئەفسانە لە هەوڵی ڕاڤەکردنی ئەوەدایە کە ڕاڤەناکرێت. جا لە بەرئەوەی ئەفسانە لە حەقیقەتەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە دەبێت لەو شوێنەدا بەکۆتابێت کە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ئەستەم بێت.